# یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێ چاکسازی کێشە ناوخۆییەکانی بەرەو تەقاندنەوە دەڕوات

## کاروان چوارتایی

بەڕێز مام جەلال لە بەغدا هەموو لیستە دژەکان لە گەڵ یەك کۆدەکاتەوەو ڕێکیان دەخات , لە کاتێکدا ئەوان بیری سیاسی و پێکهاتەی مەزهەبیان نەك تەنها لەگەڵ یەك جیایە , بگرە دژ بە یەکیشن , بەڵام لە کوردستان تەواو پێچەوانەی بەغدا , بەڕێزی نەك باڵە جیاجیاکانی ناو ینك یەك ناخات , بگرە لە هەوڵی توندکردنەوەی ململانێکاندایە , سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە پەیرەو دەکات .

لە زووەکەوە سەرانی کورد لە بەغدا بەعسیان ڕیشەکێش کردووە لە کوردستانیش قەڵەوی دەکەن , لە بەغدا یەکگرتوو خواز لە کوردستان کەرت خواز , لە بەغدا دیموکراسی خوازن لە کوردستان سەرکوتکەر , لە بەغدا مۆدێرنخواز و پارێزەری مافی ژنان , لە کوردستان کۆنەپەرست و پەیرەوی چەند ژنەیان کردووە , لە بەغدا لەگەڵ نەزاهەت لە کوردستانیش بەوان بێت ئێمەش هەڵلوشن , بە داخەوە نازانم چۆن ناوی مامە و کاکە نەچووە لیستی ملیاردێرەکانی فۆربسەوە .

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی جێی متمانە , تەنگژەکانی ناو مەکتەبی سیاسی ینك لە قولبونەوەدایە , ڕوداوەکانی هەڵەبجە و کەلار و بەرفراوان بوونی گەندەڵی باڵی داخوازی ڕیفۆرمی لەناو ینك بەرفراوانتر کردووە , کێشەکان بە ئەندازەیەك قول بۆتەوە مام جەلال خەریکی بەشەڕ دانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسییە لەگەڵ یەکدا , هەر ئەمەش وای کرد بەڕێز نەوشیروان مستەفا کە جەمسەرێکی بەهێزی ناو ینکە لە خولی دووەمی کۆبونەوەی **23-3 مەکتەبی سیاسی وەك نارەزایەتیی دەربڕین بەشداری نەکات , بەشێکی دیکەیان وەك مەلا بەختیار کە لە ڕابردوو لەسەر خەتی مامە مەحسوب بوو , هەرچەندە لە سوێسنان و هەڵەبجە شمشێری تیژ بوو دژ بە جەماوەر و نەیاران و لایەنەکانی دیکە , ئێستا لەگەڵ ڕیفۆرمدایە لە ناو ڕیزەکانی ینك , مام جەلالیش دەیەوێت لەو باڵە ڕزگاری بێت چەند بووکە شوشەیەك بۆ چەپڵە لێدان بباتە ناو مەکتەبی سیاسییەوە , مانگەکانی داهاتوو چاوەڕوانی ململانێی توندتر دەکرێت لە نێوان هەردوو باڵ , پرسیارێك سەر هەڵدەدات ئەویش ئەوەیە , ئایا 1964 دوبارە دەبێتەوە یان 1984 , گرنگ ئەوەیە بزانین ئەم دوو پارتە ( ینك – پدك ) بەم گەندەڵیەی ئێستایانەوە تەمەنیان درێژ نابێت , یان پاکسازی و چاکسازی , یان مەرگ و نەمان , بە تایبەتیش ینك چارەنووسی لە مەترسیدایە , بە بێ پاراستنی یەکڕیزی خۆی پارتی قووتی دەدات .**